# کەناڵی تەرەتە شەش ڕامان و بۆچوونەکان دوورتر دەکاتەوە

دوای هەشتا و هەشت ساڵ لە نکۆڵی کردنی نەتەوەی کورد، سەرەنجام حکومەتی ئەنکارا ناچار بوو کە بوونی کورد بسەڵمێنێ و کەناڵێکی تەلەفزیۆن بۆ وەشانی کوردی دابمەزرێنێ، بەڵام دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی، ڕامان و بۆچوونی هێزە سیاسییەکانی باکووری کوردستانی لەیەکتر دوورتر کردەوە. پارتی کرێکارانی کوردستان وەک گەورەترین و کاراترین هێزەی باکووری کوردستان هەر لە دەستپێکەوە پرۆتستۆی دامەزراندنی کەناڵەکەی کردو هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ لەو کەناڵەش کار بکەن بە ناپاک ناساند، لەم بارەیەوە ڕێزدار **عەبدوڵڵا ئۆجەلان**، سەرۆکی پارتی



کرێکارانی کوردستان لە گراڤی ئیمرالییەوە ڕایگەیاندووە کە ئەمریکا وەشانی کوردی سەپاندووە، پیلانێکیان هەیە و دەیانەوێ کە کوردان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە.

ئۆجەلان گوتویەتی: ' ئەمریکا ئەمانەی سەپاندووە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە حکومەت بەو شێوەیە کارێکی نایاسایی دەکات! قەدەغە لەسەر زمانی کوردی و نێزیکایەتی لەبەرانبەر ناسنامەی کوردی وەدیار کەوتووە، بۆ کردنەوەی تەلەفزیۆنێک پێویستە دەستووری هەمیشەیی بگۆڕدرێ، تۆ ڕێگە نادەی لە زیندانەکاندا بەیەکەوە دوو قسەی کوردی بکرێ، بەڵام تەلەفزیۆن دادەمەزرێنیت! بەبێ یاسا چۆن کەناڵێک دەکەیتەوە؟! دەوڵەت دەیەوێ بۆ خۆی کورد بخولقێنێ، بەو تەلەفزیۆنە چاندو هونەری کوردی کۆنترۆڵ بکات'

سەبارەت بە دامەزراندنی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی، ڕێزدار ئەم مەسەلەیەی هێناوەتەوەو گوتویەتی: ' نەجەژنە، نە سەیرانە، بۆچی زاواکەم ماچم دەکات!'

هەروەها بەڕێز **ئەحمەد تورک**،



هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات کە چەند نوێنەرێیان لە پەرلەمانی تورکیادا هەیە لەو بارەیەوە گوتویەتی: 'هەرچەندە وەشان بە زمانی کوردی لە کەناڵێکی دەوڵەتیدا سەرکەوتنی گەلی کوردە، بەڵام دەستپێکردنی وەشانی تەرەتە شەش هەنگاوێکی بچووکە، واتای چارەسەرکردنی دۆزی کورد نادات، ئاکام واتای ناساندنی زمانی کوردی و ناسنامەی کوردی نیە، چونکە دەستووری تورکیا جگە لە زمانی تورکی هیچ زمانێکی دیکە پەسند ناکات. لە یاسای هەڵبژاردن و پارتی سیاسیشدا کوردی قەدەغەیە، تا ئەم شتانە لە دەستووردا هەبن، تەرەتە شەش پرسی کورد چارەسەر ناکات. ئەگەر حکومەت لەو بوارەدا ڕاستگۆیە، دەبێ دەستووری بگۆڕدرێ'

**ڕەجەب تەیب ئەردۆگان**، سەرۆوەزیری تورکیا لەوتوێژێکدا



لەگەڵ تەرەتە شەش بەکوردی پیرۆزبایی کرد و گوتی: 'تەرەتە شەش ب خێر بە و سەرسالا وە پیرۆز بە'

ئەو قسەیەی ئەردۆگان بوو بە مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامەکانی تورکیا.

**بایرام بۆزیەل** سەرۆکی پارتی HAK-PAR لە ڕاگەیاندراوێکدا کە دانەیەکی دەست ماڵپەڕی ڕزگاری کەوتووە، دەڵێ:



وەشانی کوردی کەناڵی تەلەفزیۆنی تەرەتە شەش کە سەری ساڵی نوێ دەستی پێکردووە، پێشکەوتنێکی زۆر گرنگە، بەڵام ئەمە بەتەنیا بۆ داخوازیە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد نابێتە بەرسڤ، هەر بۆیە دەبێ هەنگاوی دیکە بەردەوام بهاوێژرێ.

لە درێژەی ڕاگەیاندراوەکەدا نووسیویەتی: ' ئێمە وەک هەک پار پێشتریش بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی هەوڵی گەورەمان ئەنجام دابوو، بەوهۆیەشەوە سزای زیندانیکردنمان بەسەردا سەپابوو، پارتی ئێمە دەمێکە هەموو بڵاوکراوەکانی خۆی بە کوردی و تورکی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش ڕەوایەتی بە زمانی کوردی داوە.

کەناڵی تەرەتە شەشی کوردی بەرهەمی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەیە، وەشان بە کوردی لە تەرەتە شەش بە واتای کۆتای پێهاتنی ئەو سیاسەتەیە کە نکۆڵی لە هەبوونی کورد دەکرد. ئەم هەنگاوە واتای وازهێنانە لە هزری تاکپەرستی کە بوونی زمان و فەرهەنگی گەلی ئێمەی پەسند نەدەکرد.

وەشانی کوردی لە تەلەفزیۆن کۆتایی بەو دێوەزمە هێنا کە تورکیای بە دیل گرتووە. وەشانی تەلەفزیۆنی بە کوردی هەم بەتەنیا خۆی بەس نیە، هەمیش لە چوارچێوەیەکی یاسایی و ڕێکخراوەیی بێبەشە.

**دەوڵەت باخچەلی**، سەرۆکی پارتی



نەژادپەرستMHP کە بە پارتێکی دژی کورد ناسراوەو پێداگری لەسەر یەک زمان و یەک نەتەوەو یەک ئاڵا دەکاتەوە، لە کۆبوونەوەی پارتەکەیدا سەبارەت بە کەناڵی تەرەتە شەس دواو گوتی: ئەمە داخوازی یەکێتی ئەورووپاو پەکەکەیە، چونکە یەکێتی ئەوڕوپا دەخوازێ کە وەشان بە زمانی کوردی هەبێ، ئەو داوایەی کە وەک مافی کولتووری دەخوازرێ، لە بنەڕەتدا دروستکردنی گەلێکی دیکەیە لە هەناوی گەلی تورکدا.

باخچەلی گوتویەتی: ' پەروەردەو وەشانی کوردی بۆتە هۆکاری هۆشیاربوونەوەی ناسنامە بۆ براکانی دیکەی گەلی تورک. هەر سەبارەت بە دامەزراندنی تەرەتە شەش باخچەلی نیگەرانی خۆی پێشانداوەو پێیوابووە کە ئەمە ئاکامی ئەو گوشارەیە کە یەکێتی ئەوروپا کردوویەتی و سەرەنجام بە دەستی دەوڵەت لە سەری ساڵی نوێدا وەشانی کوردی لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتی دەستی پێکردووە، ئەمەشی بە ناپاکی دەوڵەت لە قەڵەم داوە و گوتویەتی کە خەنجەری ناپاکیە.

باخچەلی گوتویەتی: ئێمە لە دژی زمانی زگماکی نین، بەڵام لەدژی ئەو زمانانەین کە بە فەرمی دەبن و دەکەونە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. ئەمە خۆی لە خۆیدا دژایەتیکردنی ئاشکرای کەناڵی تەرەتە شەشە کە بە زمانی کوردی وەشانی خۆی دەست پێکردووە.

**بەڕێز موراد جوان**، ڕۆشنبیرو سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستان لە پێشتر سکرتێری گشتی پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستان بووە، سەبارەت بە کردنەوەی تەرەتە شەش بابەتێکی نووسیوە کە تێیدا هاتووە:



تەرەتە شەش، کەناڵی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی کە سەر بە دەزگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی دەوڵەتی تورکیا لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی نوێدا بە مەراسیمێکی دەوڵەتی دەستی بە پەخش کرد.

بە کردنەوەی کەناڵی تەرەتە شەش، واتە گوللە توپێک بەو هەموو پرۆژانە کەوت کە دامەزرێنەرانی کۆماری تورکیا بە درێژایی88 ساڵ بە زوڵم و زۆرداری لە سەری گەلان تێپەڕیان کرد،

سیستەمێکی نەژادپەرست مەجبور بوو سەری ساڵ بەچۆک دابێ کە زۆر موکڕ بوو لەسەر بنیاتنانی یەک زمان، یەک نەتەوە بشکێ و هەرەس بهێنێ ، قەدەری تەرەتە شەش چی دەبێ با ببێ، ئەو پاش سی مانگان داشبخرێ، هەر وەهایە.

بەڕێز **مەسعود تەک**، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان، سەبارەت بە کەناڵی تەرەتە شەش، دەڵێ:



بێگومان دامەزراندنی تەرەتە شەش ڕووداوێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی تەرەتە شەش کەناڵێکی دەوڵەتی و کوردیە، سیستەمی دەوڵەتی تورکیش لە سەر نکۆڵی کردن لە زمانی کوردی دامەزراوە، بەوهۆیەشەوە تەرەتە شەش گوڵێکە لە سیاسەتی دەوڵەت، دەبێ لەبیر نەکەین کە تەرەتە شەش دیاری دەوڵەتی تورک و پارتی دادو گەشەپێدان نیە، بێگومان حکومەتی ئەکەپە دەیەوێ سود لە تەرەتە شەش وەربگرێ.

**بەرهەڤکردنی: سازان**

# لە دادگەی تورک شەڕی کورد و لە ڕاگەیاندندا تەرەتە شەش دەکرێتەوە

لەوەتەی دەوڵەتی تورکیا بەو سنوورەی ئێستایەوە دروست بووە، شێوازێکی سەیرو نامۆی وەرگرتووە، هەرچەندە کوردو تورک لە دامەزراندنیدا هاوبەش و هاوکاربوون، بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەت خۆی لەسەر پێ گرت وجێگەی خۆی لە کۆڕی نێودەوڵەتیدا پەیدا کرد، یەکسەر بەرپرسانی تورک خۆیان سەپاندو سیاسەتی ڕەگەزپەرستیان لەبەرانبەر کوردان بەڕێوەبرد و نکۆڵیان لە هەبوونی نەتەوەی دیکە کرد، گوتیان یەک نیشتمان، یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا!! دواتر ئایدۆلۆژیەتی دەوڵەت بە ئاشکرا لەسەر ئەوە کاری کرد کە کورد تورکن و نەتەوەیەکی جیاواز نین! بەوهۆیەشەوە زیانێکی گەورەیان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیا گەیاند. نەتەوەکانی غەیرە تورکیان لە مافی نەتەوەیی، زمان، جڤاکی و مرۆڤی بێبەش کرد. ئیتر نەک هەر نیشتمانی کوردان پارچە پارچە کرا، بەڵکو هەوڵی سڕینەوەو نکۆڵی لێکردنیشی درا. لە پەیمانی لۆزان دا پارچەکردن و دابەشکردنی نیشتمانی کوردان بڕیاری لەسەر دراو جێگیرکرا و تورکیاش پێشوازی لێکراو پەسند کرا، ئەمە لەکاتێکدا بێ ئەوەی سوکە پرس و راوێژێک بە نەتەوەی کورد بکرێ.

بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا ببێتە دەوڵەتی نەتەوەیی تورک، دەبوایە نەتەوەی تورک هەبوایە! بەڵام کە ئەو پرۆژەیە دەستی پێکرا، هێشتا نەتەوەیەکی تەواو ڕەسیوی تورک بوونی نەبوو، ئەو نەتەوەیە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا بەو سنوورەی ئێستایەوە گەڵاڵەڕێژکراو ئامادەکاری بۆ کرا، لەسەر بنەمای تواندنەوەی نەتەوەی کوردو کەمەنەتەوەکانی دیکە هەنگاوی بۆ هەڵگیرایەوە، بەوهۆیەشەوە ڕاگوێزان و هەڵکەندنی کوردان لە زێد و نیشتمانی خۆیان دەستی پێکرد، زمانی کوردی قەدەغە ڕاگەیاندرا، کوردبوون وەک گەورەترین تاوان سنووری بۆ داندرا. لە هەنگاوی دواتردا زمانی کوردی لە بواری جڤاکی و دەوڵەتیدا ڕەش کرایەوە، لە فێرگەو دادگەو دامەزراوەکانی دەوڵەتیدا تەنیا زمانی تورکی ڕەوایەتی پێدرا، ئەوەی پەسندیشی نەکرد، بەتووندی سزا درا. تەنانەت ڕژێم بۆ فەوتاندن و لەبێن بردنی نووسراوەو کتێبی کوردی شاڵاوێکی بەرفراوانی بەڕێوەبرد، پۆشینی جلی کوردی بە سوک سەیرکراو دواتریش یاساغ کرا. لە تۆمەتی قسەکردن بە زمانی کوردی هەزاران کەس دووچاری گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان بوونەوە، ئەوانەی داوای مافی خوێندنیان بە زمانی کوردی دەکرد، سزای قورسیان بۆ دەبڕایەوەو لە زینداندا توند دەکران. قەدەغەکردنی زمان سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی بەدوای خۆیەوە هێنا، کورد ئامادە نەبوو واز لە زمان و کولتوری خۆی بهێنێ و بە زۆرەکی زمانی نەتەوەیەکی دیکە پەسند بکات و ناسنامەی خۆی بگۆڕی، ئیدی بزاڤی کوردایەتی پەرەی سەند، وەلی مخابن ناکام مانەوە، ئاکام دەیان هەزار کەس کوژران و فەوتێندران و ڕاگوێزران. لە سەرەتای ساڵی 1920 تا 1940 دەوڵەتی تورک بە ڕەشەکوژی کوردقڕکردن وەڵامی داخوازی کوردانی دایەوە، ڕێبەرانی کورد لەسێدارە دران و گۆڕغەریب کران. دواتر دەوڵەتی تورک لەبەرانبەر تێکۆشانی کوردان دەستەو وەستان مایەوە، نەیدەتوانی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد قڕ بکات، چونکە وڵاتەکەی بە چۆڵی دەمایەوەو ڕێژەی دانیشتوانەکەی زۆر لە کورتی دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە وێڕای ئەوەی کە دەستووری تورکیا هەبوون و ناسنامەو مافی کورد پەسند ناکات، بەڵام لەبەرانبەر زۆربوونی کوردستانیان ناکام مایەوە. ئێستاش دەوڵەتی تورک لەڕووی یاسایی و دەستووریەوە نکۆڵی لەبوونی کورد و مافی کوردان دەکات، کەچی ناچار بووە کەناڵی TRT-6 دابمەزرێنێ و ڕێگەی پێبدات بە زمانی کوردی وەشانی خۆی پەخش بکات.

لەلایەکەوە قسەکردن بە زمانی کوردی وخەباتی پارتی سیاسی کوردی قەدەغەیە، بەڵام لەلای مێدیاوە کەناڵی ئاسمانی تەرەتە هەشت دادەمەزرێندرێ و بەکوری بەرنامەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە. لەلایەک خوێندن بەزمانی کوردی لە فێرگەکاندا قەدەغەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕادیۆی کوردی و کەناڵی ئاسمانی کوردی دادەمەزرێندرێن.

سەیر لەوەدایە لە لایەک لە دەزگەو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کوردی ئاخافتن قەدەغەیە، لەلایەکی دیکەوە تەرەتە هەشت دەکرێتەوە. ئەمانەش دەیسەلمێنن کە دەوڵەتی تورکیا لەبارەی پرسی کورد هیچ پرۆژەیەکی نیە، بەڵام دەیەوێ بۆ کاتی کورد فریو بدات و بەڕێوەی ببات. ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی تورک لە دادگەی سزای دیاربەکرد بە ئاشکرا بە دیار کەوت. وەک دەزاندرێ کە کۆمەڵەی کورد دیاربەکرد(KURD-KOM) کۆمەڵەیەکی سڤیل و دیموکراتیکی کوردانە، لە بەرنامەی بنەڕەتی خۆی دا لە ئارمانجەکانیدا دیاری کردووە: 'خاوەنداریتی لە مێژوو، تەڤگەری کوردی، چاندو زمانی کوردی دەکات، دەربارەی پرسەکانی کورد پرۆژە پێشنیار دەکات و دادەڕێژێ، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بە مافەکانی خۆی بگات تێدەکۆشێ'

تەڤگەری نەتەوەیی کوردستان لە ساڵی 1925زۆر گرنگ و بنگەهی بوو، دەبوایە گرنگی و بایەخی زۆری پێبدرێ، کورد کۆمیش بۆ ئەو ئامانجە لە 28-6-2005دا ویستی یادی ئەو تێکۆشەرانە بکاتەوە کە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە لە سێدارە درابوون و شەهید کرابوون، دەبوایە سیاسەتی دەوڵەت لەبەرانبەر کورد پرۆتستۆ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە مزگەوتی ئولوجامیع مەراسیمێکی یادکردنەوەی بۆ شێخ سەعیدی پیران و 47 هاوڕێکەی بەڕێوەبرد.

من وتەبێژی کورد کۆم بووم، لەسەر ناوی کوردکۆم لێدوانم بۆ چاپەمەنیەکان دا، بەوبۆنەیەوە باسی سەرکردنی ئەو تەڤگەرەم کرد، ئەو کاتەی من بیرەوەریەکانی کوردکۆمم دیارکرد، چاپەمەنیەکانی ناوچەیی و نەتەوەیی ئامادە بوون، من ئەوانەم بە کوردی و بە تورکی پێشکەش بە چاپەمەنیەکان کرد، دواتر کوردکۆم بۆ هەمان مەبەست کۆنفرانسێکی پێکهێنا، ئەم جڤینە لە سەرەتادا لە دادگەی جەزا دادگەیی کرا، لەوێ دادگە ڕێگەی پێدابووم کە کوردی داکۆکی لەخۆم بکەم، بۆ ئەم مەبەستەش موتەرجیم ئامادەکرابوو. پاشان کە دادگەی جەزا بڕیاری دا لە دادگەی ئەسلی پێنجەمین درێژەی پێبدرێ، لەوێش ئەرێ کرایەوە، بەڵام هەزار مخابن پاش قۆناغێێک دادگە پشتی لە بڕیارەکەی کرد، بڕیاری دا کە نابێ بە کوردی داکۆکی لە خۆم بکەم. نەمتوانی بەکوری شتەکانی خۆم پێشکەش بە پارێزەرەکەم بکەم، ئەنجام بەهۆی ئەو هەڵوێستەوە داوامان کرد کە دادگە واز لە دۆزەکە بهێنێ، بەڵام دادگەی باڵا ئەمەی پەسند نەکرد. ڕۆژی 4-12-2008 دادگە درێژەی هەبوو، من بڕیارم دابوو بە کوردی قسە بکەم، بەوهۆیەوە لەنێوان من و پارێزەرەکەم و دادگە مشتومڕ دروست بوو، من بە کوردی قسەم کردو پارێزەرەکەشم دەیکرد بە تورکی. ئیتر دادگە تەواو نەکرا، بڕیاردرا کە ڕۆژی 2-2-2009 جارێکی دیکە لەسەر ئەم دۆزە دادگەیی بکرێمەوە.



**ئیبراهیم گوچلو**

**ئامەد** 5-12-2008

* وتارەکە کورت کراوەتەوە

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2009-01-14 21:17:00 |
| Change Number: | 2 |
| Last Saved On: | 2009-01-14 21:17:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 0 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-01-14 21:18:00 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 1 |
| Number of Words: | 21 (approx.) |
| Number of Characters: | 113 (approx.) |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com